# خەمی تۆمە

ڤـــانـــە
vanabarzan@yahoo.com

نـــــوقمی خەم بووم، خەمی تۆ خەمی خۆمی لە بیر بردم
خەم رەوەێنە خەمت، خۆ پێش خەمت خەم لە ناوی بردم
خـۆراکی رۆحمە خەمت، بێ خەمی تۆ هەمیشە خەمگینم
خــــــەمت نەبێ ناژیم، خۆزگە هەر بە خەمی تۆ دەمردم

خـــــەمرەوێنم، لوتف فەرموو داوای خـــەمی زیاتر دەکەم
خـــەو و خـــــۆراکم نـــــاوێ، بە خـــەمی تۆ نەشئە دەکەم
گـــــــەر گـوزەرکا بەسەر دڵما، رۆژێـــــك بەبێ خـەمی تۆ
خـــــۆم بە خەمبار دەزانم، تا خـــەمت دێت شیوەن دەکەم

کــــە گرفتاری خـــــەمی تۆم، تاکە چـــارەش خەمی تۆیە
کە بە خـــــەمت دەردەدارم، شیفاش هـەر تۆ و خـەمی تۆیە
چ خـەمێکە کە هـۆی خەمم و خەمرەوێنیش هەر بۆ خۆتی
بە فیدای زەڕڕەیە خـەمت بم، هەموو خەمم هەر بـۆ تۆیە

2006 / 12 / 2
سلێمانی